# Dialogue-Based Education Process as a Dimension of coexistence: Kirkuk as an Example

**Saied Qadir Faqe Ibrahim**
University of Soran, Faculty of Arts, Department of Sociology and Social Work

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2691KPF.07*

*Published:6/1/2026*

## *Abstract*

*The aim of this study is to analyze the role of dialogue-based education in the formation and development of individuals who possess the capacity for coexistence with others in society, even when these others differ in terms of culture, religion, and nationality. This is examined through educational and instructional practices within formal educational institutions (schools) in the city of Kirkuk. For this purpose, Paulo Freire's theory of dialogue as an educational dimension is adopted as the main theoretical framework. The study is based on a qualitative research approach, and narrative interviews were used as the primary data collection method. The research setting was the city of Kirkuk, and the sample consisted of six teachers and ten students. Data were analyzed using thematic analysis. The findings reveal that dialogue-based education in schools is weak, as teaching and learning practices are predominantly grounded in the banking model of education. This has a direct impact on the formation of individuals who are able to assume responsibility both within the school environment and in the wider society, and who are capable of engaging constructively with others.*

***Keyword**: Dialogue; Education; Coexistence; Banking Education; Liberating Education*

# پرۆسەی پەروەردە لەسەر بنچینەی دیالۆگکردن وەک ڕەهەندێکی پێکەوەژیان: کەرکوک بە نموونە

د. سەعید قادر فقی ابراهیم

زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی

saied.faqeibrahim@soran.edu.iq

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی ڕۆڵی پەروەردە لەسەر بنەمای دیالۆگکردن لە بونیادنان و بەرهەمهێنانی تاکێک کە توانای پێکەوەژیانی هەبێت لەگەڵ مرۆڤەکانی تری (ئەوانی تر) کۆمەڵگە، هەرچەند کە جیاوازیش بن لە ڕووی کلتووری، ئاین و نەتەوەییەوە لە ڕێگەی شێوازی پەروەردە و فێرکردنی تاک لە ناوەندەکانی خوێندنی (قوتابخانەکانی) شاری کەرکوک. بۆ ئەم مەبەستە سوود لە تیۆری پالۆ فریری لەبارەی دیالۆگ وەک ڕەهەندێکی پەروەردە وەرگیراوە. پشت بە میتۆدی چۆنایەتی بەستراوە، بۆ کۆکردنەوەی داتا چاوپێکەوتنی گێڕانەوە (Narrative) بەکارهاتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوە شاری کەرکوک بووە و قەبارەی نموونەی توێژینەوە (٦ مامۆستا و ١٠ قوتابی) بوو. ئامرازی شیکردنەوەی داتا شیکردنەوەی بابەتی (Thematic Analysis) بوو. ئەنجامی بەدەستهاتوو ئەوە دەخاتەڕوو کە پەروەردە لەسەر بنەمای دیالۆگ لە ناوەندەکانی خوێندن (قوتابخانەکان) لاوازە، چونکە شێوازی پەروەردە و فێرکردن لەسەر پەروەردەی بانکی بنیاتنراوە. ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی تاک کە بتوانێت بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێت چ لەناو قوتابخانە و چ لەناو کۆمەڵگەدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ تاکەکانی تر هەڵبکات.

وشە کلیلییەکان: دیالۆگ، پەروەردە، پێکەوەژیان، پەروەردەی بانکی، پەروەردەی ئازادیبەخش.

# پرۆسەی پەروەردە لەسەر بنچینەی دیالۆگکردن وەک ڕەهەندێکی پێکەوەژیان: کەرکوک بە نموونە

## پێشەکی

قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بریتییە لە کۆمەڵگەی مامۆستا و قوتابی. ئەو کۆمەڵگەیە پێویستی بە پەیوەندییە، بە مەبەستی گەشەکردنی لایەنی مەعریفی، کلتووری و کۆمەڵایەتی. بۆیە کاتێک کە ژینگەی پەروەردەی پەیوەندیی نێوان قوتابی و مامۆستا لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردن دەسازێت، ئەوا ئەو گەشەکردنە لە لایەنی مرۆیی و مەعریفی دەستەبەرناکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا قوتابی وەک کەسێکی چالاک و بەرپرسیار ڕۆڵی خۆی ناگێڕێت و پشتگیری ناکرێت. بۆ دەربازبوون لەم جۆرە پەروەردەیە، ستراتیژییەکانی فێرکردن یاخود فێربوون لە پۆلدا پێویستە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی فێربوون لەسەر بنەمای گفتوگۆ. لە پەروەردەیەکی دیالۆگیدا مامۆستا تەنیا بەشدارێکی چالاکە و هیچ پلەبەندییەک لەنێوان مامۆستا و قوتابیدا نییە. پرۆسەی فێربوونی دیالێکتیکی لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی ئازاد دامەزراوە و بەشداربووان بە باشی گوێ لەیەکتر دەگرن، کەس بۆچوونی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا نەسەپێنێت و بەشداربووان خۆیان لە حوکمدانی پێشوەختە دەپارێزن (Ibatova and Smirnova, 2019).

وێڕای ئەمەش دەشێت بگوترێت دیالۆگ بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا و جیهان یان واقیع دەخەنە نێوان خۆیان لە پێناو ناولێنان، واتە دۆزینەوەی واتایی جیهان، هەڵسەنگاندن، تاوتوێکردن و گۆڕینی بەگوێرەی پێویستیی ژیانی خۆیان. لەنێوان ئەوانەی کە نایانەوێت ناوێک لە جیهان بنێن و ئارەزوویان نییە دیالۆگ دروستنابێت. لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان دەتوانن لەنێوان خۆیاندا ناو لە جیهانی دەوروبەری خۆیان بنێن. کەواتە دیالۆگ ئەو ئامرازە پێویستەیە کە مرۆڤەکان تێیدا گرنگیی خۆیان بەدەستبهێنن. دیالۆگ بوونێکی پێویستە، لەبەرئەوەی دیالۆگ ڕووبەرێکە مرۆڤەکان تێیدا بیر و کاری یەکگرتووی خۆیان ئاڕاستەی جیهان دەکەن، گۆڕینێک دێتە ئاراوە کە مرۆڤبوونی مرۆڤەکان لەخۆدەگرێت. لەبەرئەوەی دیالۆگ لەنێوان ئەو کەسانەدا دەکرێت کە دۆزینەوەی بەها و واتای جیهانیان بەلاوە مەبەستە، بۆیە نابێت حاڵەتێک بێتە ئاراوە کە تێیدا هەندێک لە جیاتی ئەوانی دیکە هەستن بە ناولێنانی جیهان (Freire, 2005).

بوونی فرەکلتووری، نەتەوەی و ئاینی لە شاری کەرکوک لام جێگەی سەرنج بوو، لەبەر ئەوە توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسیی پەروەردەم لە بارەی پەروەردە لەسەر بنەمای دیالۆگ وەک ڕەهەندێکی پێکەوەژیان ئەنجامدا. بۆ ئەوەی بزانین کە شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە

قوتابخانەکان توانیویانە پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم شارە بهێننەکایەوە. هەڵبەت قوتابخانە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی گۆمەڵگەیە، دەشێت بگوترێت یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی بریتییە لە بەرهەمهێنانی تاکێکی تەندروست و بیرکەرەوەی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵگە. لەگەڵ ئەوەی کە قوتابخانە زانست بە تاکەکان دەبەخشێت، هەروەها تاکەکانیش دەسازێنێت بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لە پێشخستنی کلتووری کۆمەڵگە لە ڕووی ئاشتی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان (عەبدوڵلا ،٢٠٠٥). لەگەڵ ئەمەشدا پەروەردە تەوەرەی سەرەکییە لە پرۆسەی پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگەیەک. هەموو تاکێک لە کۆمەڵگە مافی ئەوەی هەیە کە پەروەردەیەکی شیاو و تەندروست دەستەبەر بکات بەهۆی قوتابخانەکان. ئەمەش بە ئامانجی پەرەسەندنی لایەنەکانی ژیانی خۆی، چونکە کۆمەڵگە پێویستی بەوەیە کە قوتابخانە تاکێکی بۆ بنیاتبنێت کە داهێنەر، بیرکەرەوەی ڕەخنەیی، هەڵگری بەرپرسیاریەتی لەپێناو ناسینی ڕەوتەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسیی کۆمەڵگەی خۆی هەبێت (گۆڤاری تیشک، ٢٠٢٢).

پەروەردەکردنی تاک لەسەر بنەمای دیالۆگ یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بە تایبەتیش بۆ شارێکی وەک کەرکوک، چونکە کەرکوک شارێکی فرەکلتوور، نەتەوە و ئاینە. هەڵبەت پەروەردەکردنی لەڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکان (قوتابخانەکان) یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تاکێک بنیاتبنێت کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و بیرکەرەوەی ڕەخنەیی هەبێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانێت لەگەڵ تاکەکانی تر سەرەڕای هەبوونی جیاوازی لە ڕووی کلتوور، نەتەوە و ئاین لەنێوانیان بە شێوەی ئاشتی پێکەوەبژین (Hertz-Lazarowitz et al., 2004). لەگەڵ ئەمەشدا پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە پێشەکییەک، پێداچوونەوە بە دەق و توێژینەوەکانی پێشوو، تیۆر، میتۆد، ئەنجام و گفتوگۆ و سەرئەنجام دەبینێتەوە.

### کێشە توێژینەوە

ئەوە تێبینی دەکرێت کە کەرکوک شارێکە جیاوازە لە شارەکانی دەوروبەری، جیاوازییەکەشی بوونی فرەنەتەوەیی و فرە ئاینییە، هەریەک لە نەتەوەکان خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی کەرکوک هەژماردەکەن. هەرچەندە بە هۆی دروستبوونی ئەو ناکۆکییانەی نێوان پێکهاتەکانی ئەو شارە، ڕق، کینە، ناکۆکی و دوبەرەکیی زۆر کەوتووەتە نێوان دانیشتووانەکەیەوە. سەرجەم پێکهاتەکانی کەرکوک بە کورد، عەرەب و تورکمان و پێکهاتەی ئاینیی جیاواز بە ئیسلام (سوونە و شیعە)، مەسیحیی، بەهائی، کاکەیی و سائیبییەوە، ئەوەی کە کۆی کردوونەتەوە بریتییە لە خودی شارەکە کە ئەویش کەرکوکە. بۆیە دەشێت بگوترێت پێویستە ئەو پێکهاتانە لەگەڵ ئەو ژینگەیە جۆرێک لە خۆگونجاندن و پێکەوەژیان دروستبکەن، لەگەڵ کەشی ئەو ململانێ و بەریەککەوتنانەی کە هەیانە. بۆیە باشترین بژاردە بریتییە لە دیالۆگ لەنێوان مرۆڤەکان و

پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو شارە. یەکێک لەو ڕەهەندانەی کە دەتوانێت ئەو جۆرە پێکەوەژیانە لەنێوان پێکهاتەی جیاوازی شاری کەرکوک دروستبکات بریتییە لە پرۆسەی پەروەردەکردن لەسەر بنچینەی دیالۆگ. هەڵبەت ئەوەی تێبینیدەکرێت سیستەمی پەروەردەیە کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بانکی بنیاتنراوە، بە جۆرێک کە تێیدا دیالۆگ و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لاوازە. سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستان بە ناوچە جێناکۆکەکانیشەوە بە هەموو ئاستەکانیەوە لە عێراقی کۆن وەرگیراوە، کە لە بنەڕەتەوە بۆ وڵاتێکی داخراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکراوە. دەشێت بگوترێت کە ئەم جۆرە سیستەمە ناتوانێت مرۆڤێک بەرهەمبهێنێت کە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و دونیابینیی هەبێت و لەهەندێک باردا کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت (عەلائەددین،٢٠١٣). ڕەنگە لێرەوە بەرەو ئەو پرسیارەمان ببات کە چۆن شێوازێکی پەروەردەیی لەو چەشنە دەتوانێت تاکێک بەرهەمبهێنێت کە توانای ئەوەی هەبێت ئەوەی تر بە هەموو جیاوازییەکان قەبووڵبکات.

## پرسیاری توێژینەوە

ئایا شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوەی پەروەردە (قوتابخانەکان) لە کەرکوک توانیویەتی پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شاری کەرکوک بهێنێتەکایەوە؟ ئەگەر توانیوەیەتی چۆن؟ ئەگەر نەیتوانیوە بۆچی؟

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی ڕۆڵی پەروەردە لەسەر بنچینەی دیالۆگ لە بنیادنانی تاکێک بۆ ئەوەی بتوانێت مرۆڤەکانی تر (ئەوانی تر) کە جیاوازن لە ڕووی کلتووری، نەتەوەیی، ئاینی، دابونەریت و بەهاکان قەبووڵبکات و پێکەوە بژین.

## گرنگیی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی ئەکادیمی دەشێت لەچوارچێوەی بابەتی خۆی گرنگیی هەبێت. ئەم توێژینەوەیە کە لەبارەی پرۆسەی پەروەردەیە لەسەر بنچینەی دیالۆگکردن وەک ڕەهەندێکی پێکەوەژیان: کەرکوک بە نموونە، گرنگیی شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکان ڕووندەکاتەوە، کە چۆن تاک لە قوتابخانەکان پەروەردەدەکرێت و ئامادەدەکرێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارەتی لە کۆمەڵگە هەڵبگرێت و بتوانێت لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ تاکەکانی تر پێکەوە بژین سەربارەی جیاوازییەکانیشیان.

دەشێت بگوترێت یەکێکی تر لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بۆ دامەزراوەی پەروەردە یاخود وەزارەتی پەروەردە ڕوونببێتەوە کە ئەو شێوازە پەروەردە و فێرکردنە لە

قوتابخانەکان ناتوانێت تاکێک پەروەردە بکات کە توانای دیالۆگ و قەبوولکردنی بیروڕای جیاوازی هەبێت. وێڕای ئەمەش کەمیی توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتە دەکرێت یەکێکی تر بێت لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوە و خۆی لەو خاڵەوە دەرخات کە جێی سرنج و گرنگی بێت لای نووسەران، ڕووناکبیران و توێژەران بۆئەوەی لە توێژینەوەکانیان سوودی لێوەربگرن.

## پاشخانێکی مێژوویی لەبارەی شاری کەرکوک

شاری کەرکوک سەنتەری پارێزگای کەرکوکە، لە ڕووی مێژووییەوە کەرکوک چەندین نەتەوەی جیاوازی تێدا ژیاوە کە سەرەکیترینیان کوردە لەگەڵ نەتەوەکانی تر وەک عەرەب، تورکمان و ئاشوری. لێ پێکهاتەی ئاینی جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک ئیسلام (سووننە و شیعە)، بەهائی، کاکەیی و سائیبی، کە هەموویان پەیوەندییەکی مێژووییان بە شارەکەوە هەیە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوبەر (O'Driscoll, 2019). کەرکوک بە شاری هەمەجۆر لە ڕووی نەتەوەیی، زمانی، ئاینی و کلتووری و هاوئاهەنگیی نەتەوەیی پێناسە کراوە، لە سیمپۆزیۆمێکی نێودەوڵەتی کە لە لەندەن ساڵی٢٠٠١، سەرەڕای بوونی سیاسەتی تەعریبکردن کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو تا ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی٢٠٠٣ ئەنجامدرا (Galleti, 2005).

وێڕای ئەمەش لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کەرکوک پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەیی کارا بوو، بەڵام دوابەدوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دواتر دروستبوونی عێراق و دانانی دەستەڵاتی پاشایەتی هاشمی بۆ حوکمڕانی بەسەر وڵاتدا، کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی فرەنەتەوەیی کەرکوک دروستکرد. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هاشمییەکان یارمەتی و زەویی کشتوکاڵکردنیان بە هۆزە عەرەبە کۆچەرییەکان دەدا. لەکاتێکدا عەرەب، ئاشوری و ئەرمەنییەکان دەهێنرانە کەرکوک بۆ ئەوەی لە پیشەسازیی نەوتدا کاربکەن. هەروەها ئەم پرۆسەی بەعەرەبکردنە لەگەڵ دروستبوونی کۆماری عێراق پەرەیسەند، لەکاتێکدا کورد بە تەواوی لە پیشەسازیی نەوت دوورخرایەوە. لەهەمان کاتدا کوردەکان لە ناوچەکە دەرکران، هەروەها عەرەبەکان بە تایبەت دەهێندرانە کەرکوک، لەپاڵ ئەمەشدا پاداشت و ئیمتیازاتیان پێدەدرا (O’Driscoll 2018).

لە ڕاستیدا کەرکوک شارێکە جیاوازە لە شارەکانی دەوروبەری، جیاوازییەکەشی بوونی فرەنەتەوەیی و فرەئاینییە و هەریەک لە نەتەوەکان خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی کەرکوک هەژماردەکەن. کێشە و یەکترقەبوونەکردن لەنێوان نەتەوەکانی کەرکوک ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵی هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین بوونی ئەو کێشە و ململانێیە لە دوای دۆزینەوەی نەوت لەو شارە لە ساڵی ١٩٢٧ زیاتر بوو. هەرچەندە فاکتەری تریش کاریگەرییان لەسەر

قووڵکردنەوەی ئاڵۆزی و بارگرژییەکانی کەرکوک هەیە وەک فاکتەری سیاسی، کلتووری و کۆمەڵایەتی. وێڕای ئەمەش بوونی ململانێ و یەکترقەبووڵنەکردن لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو شارە پەیوەستە بە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ وەک ئاسایش، ناسنامە، دانپێدانان، ئۆتۆنۆمیی... تاد، بۆیە چارەسەرکردنی کارێکی ئاسان نییە، چونکە پێداویستییەکانی مرۆڤ لە بنەڕەتدا لەو جۆرە پێداویستییانەیە کە جێگەی سازشکردن نییە. ئەمە جگە لەوەی کە دەستتێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمیی و نێودەوڵەتیش کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت لە گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو و بەیەکەوە هەڵکردنی نەتەوەکان لەگەڵ یەکتری (Saeed, 2017). بە گشتی لە وڵاتێک یاخود شارێکی فرەنەژاددا هێورکردنەوەی ململانێکان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە سروشتی ململانێکان و شێوازی پەروەردەکردنی تاک.

## باسێک لە شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان

سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی کەرکوک وەک ناوچەیەکی جێناکۆک لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لە عێراقی کۆن وەرگیراوە، کە لەگەڵ دونیای ئەمرۆی مۆدێرن و داواکاریی ئەمرۆی کۆمەڵگە ناگونجێت، چونکە کۆمەڵگە لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کلتووری، ئابوورییەوە گۆڕاوە. هەڵبەت ئەم سیستەمە پەروەردەیە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لەسەر بنەمای وانەوتنەوە لە لایەن مامۆستا و قوتابیش وانەکان لەبەردەکات بنیاتنراوە. زۆر بە کەمی تەرکیز لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، دیالۆگ لەسەر بابەتەکان و ماناداان بە ئەو بابەتانەی کە لە پۆلدا لەنێوان مامۆستا و قوتابی باسدەکرێن. بەڵکوو ئەوەی کە زۆر بایەخی پێدەرێت و باشترین شێواز دادەندرێت لە لایەن مامۆستا و قوتابی بریتییە لە وانەوتنەوە و لەبەرکردن. ئەوەی تێبینی دەکرێت قوتابیان وشە بە وشە پەرتووکەکان لەبەردەکەن و مامۆستایانیش تەنیا خۆیان وانەکان دەڵێنەوە. دەشێت بگوترێت دیالۆگ لەنێوان مامۆستا و قوتابی زۆر بە لاوازیی هەستی پێدەکرێت، هەروەها هاندانی ئەو بیرکردنەوەی کە قوتابییان وەک بەشێکی گرنگیی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەشداربن لە پرۆسەی دیالۆگ لە پۆلەکانی خوێندن لەلایەن مامۆستایان لاوازە. زیاتر لەمەش قوتابییان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دیالۆگکردنیان لەسەر بنەمای ئەکادیمی لەسەر بابەتەکان لە پۆلەکانی خوێندندا لاوازە، هەروەها لە ڕووی نووسینی وتار و ئارگۆمێنتسازی و چۆنیەتیی گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ ژیانی ڕاستەقینەی خۆیان بە کەمی هەستی پێدەکرێت (Mohammed-Marzouk, 2012). بۆیە بەپێی تێگەیشتنی Chandio, Pandhiani and Iqbal (2016) گواستنەوەی زانیاریی نوێ لە دیدی ئەوان پێویستی بە چەند قۆناغێکە، کە ئەوانیش خۆیان لە تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و بنیاتنان دەبینێتەوە. هەڵبەت ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بارودۆخە بکەین لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، ئەوا بەو شێوە

پەروەردەیەی لەسەر بنەمای لەبەرکردن لە لای قوتابی وانەگوتنەوە لە لای مامۆستا، ناتوانین ئەو بنەمایانەی گواستنەوەی زانینە دەستەبەربکەین، چونکە ئەو شێوە لە پەروەردە و فێرکردنە، ڕێگری لە توانای مەعریفیی قوتابییان دەکات بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، پەرەپێدانی زانیاریی پێشوو و گواستنەوەی زانیاریی نوێ بۆ دۆخی ژیانی ڕاستەقینەی خۆیان. بۆیە ئەم شێوازە لە پەروەردە و فێرکردنە پاولۆ فرێری ناودێری کردووە بە "پەروەردەی بانکی"، هەڵبەت دەیان ساڵە لە سیستەمی پەروەردەی عێراقی بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگیداوەتەوە و قوتابییانی وەک بانک لێکردووە کە وەرگری زانیارییەکانن لە مامۆستایان و پەرتووکە دەقخواردووەکانی قوتابخانەکان. کە ئەمەش وەک پاولۆ فرێری وای بۆدەچێت ئەم شێوە پەروەردەیە، قوتابییەکی بێتوانا لە هۆشیاری ڕەخنەگرانە بەرهەمدەهێنێت و لە ئەنجامیشدا توانای گۆڕینی جیهانی خۆی نییە (2005).

**پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەدا**

بەر لەوەی لەبارەی پرسی پێکەوەژیان بپەیڤین، دەشێت بپرسین: ئاخۆ سروشتی کۆمەڵگەی مرۆیی چۆنە و چییە؟ دواتر مەبەست لە پێکەوەژیان چییە؟ تا لە دیدی ئەو خوێندنەوانەوە بتوانین ڕاڤەیەک بۆ ئەم پرسە پێشەکەش بکەین؟

بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە هەر کوێی ئەم سەر گۆی زەوییە ژیابن، بارودۆخی ژیانیان هەرچۆنێک بووبێت، خاوەنی هەر دابونەریت، بەها، زمان، کولتوور، ئاینێک و نەتەوەی جیاوازیش بووبن، پێویستییان بە یەکتر بووە. لێ مانەوە و بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بە ڕەفتارکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانی تر، واتە لەگەڵ دەوروبەری، کە ئەویش مرۆڤەکانی ترن. مرۆڤەکان لەڕێگەی هاوکاری لەگەڵ یەکتر دەتوانن شتەکان ئەنجامبدەن، بۆیە ڕەنگە ئەستەم بێت کە کەسێک بتوانێت بە تەنیا شتەکان ئەنجامبدات و بەڕێوەیانببات. بۆیەش ئەگەر سرنجبدەین لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ، دابینکردنی خۆراک و پەناگە، لە هەمان کاتدا خستنەوەی نەوەیەکی نوێ و گرینگیپێدان و فێرکردنی ئەو شتەی کە دەبێت تاکەکە بیزانێت، پێویستی بەوەیە کە تاکەکان هاوکاری یەکتر بکەن. بۆیەش ئەوان دەبوایە چەند ڕێگەیەکی ڕێکخراو پێشبخەن بۆ ئەوەی بزانن، کە پێویستە چی بکرێت؟ و هەندێ لە ئەرکەکان پێویستە هاوبەش بکرێن لەنێوان مرۆڤەکاندا (Hossain and Ali, 2014).

لەنێو هەموو بوونەوەرانی سەرزەوی، تەنیا مرۆڤەکانن، زیاتر پێویستییان بە ژیانی بەکۆمەڵ و پێکەوەژیان هەیە، دەبێ پلان و بەرنامەی گونجاو و لەبار بۆ داهاتووی ژیانیان دابنێن، چاو بە ڕابوردووی ژیانی پێش خۆیان بخشێننەوە و ئەزموون لە سەرکەوتن و داکەوتنەکانی ڕابردوویان وەردەگرن و بیکەنە هەوێنی ژیانێکی باشتر و بەختەوەرانە بۆ داهاتووی ژیانیان. لە

تەواوی جیهاندا مرۆڤەکان لەهەر وڵات، شوێن، ناوچە و دەڤەرێکدا بژین، ئەوا دەکەونە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی (دابونەریت، بەها، کلتوور، دین و ... تاد)ی ئەو شوێنە. تاکەکانی ئەو شوێنە بیروباوەڕ، بەها و دابونەریتی خۆیانیان لا پیرۆزە و ڕێزی لێدەگرن. هەموو هەوڵ و کۆششێک دەکەن بۆ ئەوەی لە لاوازبوون و لەناوچوون بیپارێزن. بەڵام ئەوەی کە گرنگە مرۆڤەکان چۆن بتوانن، سەرەڕای ئەو جیاوازییەی کە هەیانە، لەگەڵ یەکتر هەڵبکەن و پێکەوە بژین. بە واتایەکی تر چۆن بتوانن لەنێوان خۆیان پێکەوەژیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە بهێننەکایەوە. هەرچەندە بیرۆکەی پێکەوەژیان زاراوەیەکی تازە نییە، بەڵکوو لە سەردەمی شەڕی ساردا ئەم زاراوەیە بەکارهێندراوە. لەگەڵ ئەمەشدا پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤییەت بەکارهێنراوە. سەرەتا دروشمێک بوو بۆ شەڕانگێزی، بەڵام دواتر وەک ئامرازێک بۆ دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو زلهێزە پەرەیسەند. لە کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بنەماکانی وەک دەستدرێژیی نەکردن، ڕێزگرتن لە سەروەریی، سەربەخۆیی نیشتمانی و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی لەخۆگرتبوو (Weiner, 1998). پێکەوەژیانی چەند نەتەوە، ئاین، زمان و کلتوورێکی جیاواز لە یەک کۆمەڵگەدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە. لێ لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازیی نێوان تاکەکانی مرۆڤ لە ڕووی ئاین، زمان، نەتەوە و کلتوور... تاد لە سەرەتاکانی پەیدابوونی مرۆڤەوە هەبووە. ئەم جیاوازییە، جیاوازییەکی سروشتی، گەردوونی و ئاساییە و بە درێژاییی قۆناغەکانی مێژوو تا ئێستا بەردەوامیی هەیە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین پێکەوەژیان وەک دیاردەیەکی جڤاکی لە بەشێک لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکانی جیهاندا هەستپێدەکرێت (شوانی، ٢٠١٧).

وێڕای ئەمەش، تێگەیشتن و ڕاڤەکردن بۆ چەمکی پێکەوەژیان وەک ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی پێناسەی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لە ڕوانگەی (Weiner (1988: 13 وای دەبینێت کە پێکەوەژیان حاڵەتێکە کە دوو گرووپ یان زیاتر پێکەوەدەژین و لە هەمان کاتدا ڕێز لە جیاوازییەکانیان دەگرن و ناکۆکییەکانیان بە شێوەیەکی ناتوندوتیژانە چارەسەر دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا لە فەرهەنگی Merriam-Webster (2022)دا ناساندنی بۆ چەمکی پێکەوەژیان کردووە، بەوەی کە بریتییە لە پێکەوەبوون لە هەمان کاتدا یان لە یەک شوێن و هەروەها ژیان بە ئاشتی لەگەڵ ئەوانی دیکە سەرەڕای جیاوازییەکان. لێ لەگەڵ ئەمەشدا پێکەوەژیان ئاماژەیە بۆ ڕێگەیەک بۆ ئەوەی گرووپەکانی باوەڕ، ئایدۆلۆژیا و پاشخانی جیاواز بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ یەکتر بژین و لێکتێگەیشتن و لێبووردەیی لەنێوانیاندا هەبێت (Islam,2018). وێڕای ئەمەش پێکەوەژیان بۆ ئەوەیە کە پەیوەندی لەنێوان کەسەکان یاخود گرووپەکاندا هەبێت، کە هیچ کام لەو کەسانە یاخود گرووپانە هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی ئەوی دیکە نەدات. بەڵکوو هەوڵدان بێت بۆ ئەوەی جۆرێک لە لێبووردەیی و ڕێزگرتن لەنێوانیاندا بێتەکایەوە

(Rupesinghe, 1999; Kriesberg, 1998). سەرەڕای ئەمەش پێکەوەژیان دۆخێکی دەروونییە کە ئەندامانی کۆمەڵگە هاوبەشی دەکەن بە مەبەستی دانپێدانان بە مافی ئەوانی تر، واتە گرووپەکەی تر، لەگەڵ بوونی هەموو جیاوازیەکان، کە ڕەنگە جیاوازییەکان هەمەلایەن بن وەک لە ئامانج، بەها، ئایدۆلۆژیا، ئاین، ڕەگەز، نەتەوە، کلتوور و لایەنەکانی تر. ئەم دانپێدانانە ئەوە دەگەیەنێت کە گرووپەکان هەمان مافی بوونیان هەیە، بە ئارامی دەژین و دان بە شەرعییەتی جیاوازیی نێوانیاندا دەنێن. جگە لەمەش، دانپێدانان بە ماف و جیاوازییەکانیان و شەرعییەتدان بە گرووپەکان بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەو ناکۆکی و بارگرژییەی کە هەیە بۆ ئەوەی دواتر بە شێوەیەکی ئاشتی و ناتوندوتیژی بەیەکەوە بژین. هەرچەندە گەیشتن بە پێکەوەژیان تەحەددایەکی گەورەیە بەهۆی پەیوەندییە نەرێنییەکانی نێوان ئەو دوو گرووپە یاخود گرووپەکان کە لە کۆمەڵگەکە (شار، وڵات) هەن. ئەم پەیوەندییە نەرێنییانە، کە دەرەنجامی بیروباوەڕی ئێتنۆسەنتەری یان ململانێی چارەسەرنەکراو لەنێوان ئەو گرووپانە. بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ڕزگاری ببێت لەو جۆرە بیروباوەڕانە، پێویستە بە شێوەیەکی بەرفراون گۆڕانکاریی قووڵ و ڕیشەیی بکرێت، کە ڕەنگە پەروەردە یەکێک لەو ڕەهەندانە بێت کە کۆمەڵگە لە ڕێگەیەوە بتوانێت بگات بە جۆرێک لە پێکەوەژیان (Bar-Tal, 2004). وێڕای ئەمەش، Bar-Tal وای دەبینێت کە پەروەردە ڕۆڵ و ئەرکێکی گرنگی بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی قووڵ، بەرفراوان و هێنانەکایەی پێکەوەژیان لە کۆمەڵگە دەگێڕێت. بەتایبەتی کاتێک ئەو پەیوەندییە نەرێنییانەی کە لەنێوان گرووپەکان لەسەر بنەمای ئێتنۆسەنتریزم دامەرزابن، پەروەردە بۆ هێنانەکایەوەی پێکەوەژیان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گۆڕینی سروشتی پەیوەندییەکان.

**پەروەردە لەسەر بنەمای دیالۆگ بۆ پێکەوەژیان**

لە بنەڕەتدا دیالۆگ (Dialogue) لە وشەی دیالۆگۆسی یۆنانی (Dialogos) هاتووە. بە مانای گشتگیر Logos بە واتای وشە یاخود قسەکردن دێت و dia بە واتای لە ڕێگەیەوە دێت. دەشێت بگوترێت کە Dia-logos بە واتای ئاڵوگۆڕێکی فرەئاراستەی قسەکردن دێت. ئەمەش بەو مانایە هەر ئاڵوگۆڕێکی زارەکی لەنێوان دوو کەس یان زیاتر ڕووبدات بریتییە لە دیالۆگ (Heller, 2016). دیالۆگ کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە بریتییە لە گفتوگۆکردن لەنێوان دوو کەس یاخود چەند کەسێک لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو. زاراوەی دیالۆگ ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ دەکەن یان قسە دەکەن. لە دیدی توێژەران و ئەو کەسانەی لە بواری پەروەردە کار دەکەن، وای دەبینن کە دیالۆگ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پرۆسەی فێرکردن و بنیاتنانی مرۆڤێکی بە واتا کۆمەڵایەتییەکە هەیە. ئەم تێگەیشتنە زۆر بە ڕوونی لە کارەکانی دەروونناس لیڤ ڤیگۆتسکی(Lev Vygotsky) لە تیۆریەکەی خۆی بە ناوی تیۆری کۆمەڵایەتیی و کلتووری (Socio-cultural theory) خراوەتەڕوو، ئەو وای دەبینێت کە کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پرۆسەی فێرکردن، پەروەردەکردن و بنیاتنانی تاک. لێ لەپاڵ ئەمەشدا ئەو

پێیوایە کە گەشەسەندنی مرۆڤ لە دوو ئاستدا ڕوودەدات، سەرەتا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پاشان لە ڕووی دەروونییەوە. بیرۆکەکەی لیڤ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەشداریکردنی تاکەکان لە چالاکیە کلتوورییەکان بە ڕێنمایی کەسانی دیکە ڕێگە بە تاکەکان دەدات بهێنە ناو پرۆسەی بەشداریکردن لە کۆمەڵگە و بیر بکەنەوە. بۆیە لێرەوە پەروەردە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پرۆسەی بەشداریکردنی تاک، چونکە کاتێکی پەروەردە، دەبێتە هاوبنیاتنانی زانین لە ڕێگەی پرۆسەی دیالۆگکردنەوە، کە تێیدا بەشداربووانی، زانیارییان زیاتر وەک (شارەزایان، مامۆستایان، فێرکاران) یارمەتی و هاوکاریی ئەو کەسانە دەکەن کە زانیاریی کەمتریان هەیە وەک (قوتابییان، فێرخوازان) بۆ تێگەیشتن لە چالاکی و کردارەکان، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەشەسەندنی مرۆڤ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە (Uyen Tran, 2008).

لە ڕاستیدا دیالۆگ وەک پێکهاتەیەکی گرنگی پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەدا لەناو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە جیاواز بن لە ڕووی دابونەریت، ئاین، کلتوور... تاد. بە تایبەتیش ئەگەر بە واتا فراوانەکەی لێکدانەوە بۆ کلتوور بکەین بەو مانایەی کە هەموو شتێک لەخۆدەگرێت، وەک دەرکەوتنی چالاکی و ڕەفتاری مرۆڤ چ لە لایەنی ڕووحی یاخود ماددی و ئەو بەهایانەی کە کۆمەڵگەی لەسەر بنیاتنراوە، ئەوا شتێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە ئێمە دەستبەرداری ببین، چونکە دیالۆگ ڕەهەندێکی مرۆڤبوونە ( Lenard, 2020). ئەمڕۆ زیاتر لە جاران کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی ئاستەنگی جۆراوجۆری جیاوازیيە پێکهاتەیی، نەتەوەیی، کلتووری، ئاینی و سیاسی بوونەتەوە. بۆیە زیادبوونی ئەو فرەچەشنییە لە کلتوور و کۆمەڵگەکان پێویستی بەوەیە زیاتر لە کۆمەڵگەکان جۆرێک لە کرانەوە، سەقامگیری و یەکتر قەبووڵکردن و پێکەوەژیان لەنێوان تاکەکان بهێنێتەکایەوە. بۆیە لێرەدا پەروەردە لە ڕێگەی دیالۆگ دەتوانێت پێکەوەژیان لەنێوان مرۆڤەکان بهێنێتەکایەوە. لێ لەگەڵ ئەمەشدا پێکەوەهەڵکردن، فێربوون و ڕاهاتنی ژیانی پێکەوەیی بەهۆی ئەو فرەچەشنییە کۆمەڵایەتی، کلتووری، نەتەوەیی، ئاینی و ئەوانی دیکەدا بووەتە یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی پەروەردەی مۆدێرن. دامەزراوە پەروەردەییەکان، بە تایبەتی قوتابخانەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پێشخستنی پەروەردە و گفتوگۆی نێوان کلتوورەکان لە کۆمەڵگەدا ( Malović and Vujica, 2021).

ڕەنگە لێرەوە ئەو پرسیارە بێتەکایەوە کە چۆن پەروەردە دەتوانێت ڕۆڵی لە هێنانەکایەی کلتووری پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەی جیاوازی کلتووری لە ڕێگەی دیالۆگ ببینێت. هەڵبەت تیۆرییەکەی پاولۆ فریری سەبارەت بە دیالۆگ وەک ڕەهەندێکی پەروەردەیی لە پەرتووکەکەی بە ناوی پێداگۆگی سستەملێکراوان (Pedagogy of the Oppressed) ئەوەی خستووەتەڕوو کە پەروەردە ڕۆڵێکی بەرچاوی بۆ بەهێزکردنی هەموو مرۆڤێک هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ناوەرۆکی مرۆڤبوون بۆ مرۆڤەکان بگێڕێتەوە، لێ لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤ ڕزگار بکات و بیکات بە مرۆڤێکی سەربەخۆ (من) و ڕزگارکەری دۆخی ژیانی خۆی بێت، بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی

نیشتەجێبوون و هەموو جیاوازییەکان لەگەڵ ئەوانی تر. کاری پێداگۆگی پەروەردەکاری بەڕازیلی مانایەکی ڕاشکاوانە و چڕ بە خوێنەر دەگەیێنێت، ئەویش بریتییە لە پێشخستن و چاندنی تۆوی مرۆڤبوونە لە ناخی مرۆڤەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە. هەڵبەت فرێری جەخت لەسەر دیالۆگ وەک فۆڕمی پەروەردەکردن دەکاتەوە، چونکە ئەو پێداگریی زۆر لەسەر گرنگی گفتوگۆ دەکات وەک تووخمێکی بنەڕەتیی بۆ دووبارە دۆزینەوە، ڕێزگرتن و ناسینەوەی ڕووخساری ڕاستەقینەی ئەوی تر وەک مرۆڤێک لە دەرەوەی ئەو جیاوازیانەی کە هەیانە (Freire, 2005).

فرێری وایدەبینێت کە ئەخلاق، ئینسانیەت و دیموکراسی بە "کێشەی مرۆڤبوون" پەیوەستن. لێ فۆڕمە هەمەچەشنەکانی "بێمرۆڤبوون" ئیدانە و ڕەتدەکاتەوە. ئەو لە بەشی یەکەمی پەتووکەکەی ئەوە دەخاتەڕوو کە بابەتی بوون بە مرۆڤ لە ڕوانگەی بەهاوە بە بەردەوامی بابەتێکی تەوەرییە، کە ئەمەش سیمایەکی ئەوەندە گرنگە بۆ مرۆڤەکان کە ناتواندرێت فەرامۆشبکرێت، چونکە لە ڕوانگەی ئەو گرنگیدان بە گێڕانەوەی ناوەڕۆکی مرۆڤانە بۆ مرۆڤەکان (مرۆڤسازی)، بە واتای ئەوە کە مرۆڤەکان لە مرۆڤبوون داماڵدراون نەوەک لە ڕووی بوونناسییەوە، بەڵکوو لە ڕووی واقیعی مێژووی کۆمەڵایەتییەوە. چارەسەرکردنی ئەو دۆخە پەیوەستە بە ناسینی پێچەوانەی مرۆڤبوون، کە ئەویش بریتییە لە نامرۆڤبوون. مرۆڤبوون و نامرۆڤبوون دوو هەڵبژاردەی ڕاستەقینەن لەبەردەم مرۆڤدا، بەڵام "مرۆڤبوون" پیشەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە. هەرچەندە بە بەردەوامی نکۆڵی لە مرۆڤبوون دەکرێت بەهۆی بوونی ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانەی کە مرۆڤ ڕۆژانە ئەنجامیدەدات وەک نادادپەروەری، فەرامۆشکردن، پەراوێزخستن، هەڵنەکردن لەگەڵ ئەوی تر و توندوتیژیی (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

فرێری بڕوایوایە کە خەبات و تێکۆشان بە هۆشیاری ڕەخنەگرانەوە دژی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە، بێمرۆڤایەتی، پەراوێزخستن، نادادپەروەری و توندوتیژیی دەکاتەوە. ئەو پێیوایە کە پەروەردە لەسەر بنەمای تیۆری کردەی دیالۆگ ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ بنیاتنانی جیهانێکی کەمتر نامرۆڤانە. هەروەها ئەو پاڵپشتێکی سەرسەختی پەروەردە بوو وەک "پراکتیکی مرۆڤبوون" کە بەسەر هەموو جۆرە نادادپەروەری، ستەم و جیاکارییەکاندا زاڵ بێت و لە ڕێگەیەوە مرۆڤبوون پێشانی مرۆڤەکان بدات. وێڕای ئەمەش ئەم جۆرە پەروەردەیە کە لەسەر بنەمای تیۆری کردەی دیالۆگیی دامەزراون، وا لە مرۆڤەکان دەکات کە ئاگاداری بارودۆخی ملکەچبوونی دەروونیی خۆیان ببن. ئەم هۆشیارییە ڕەخنەگرانە وایان لێدەکات ئەو بارودۆخە ڕەتبکەنەوە کە بۆ پێناسەکردنی بارودۆخی پەراوێزخراوەکەیان بەکاریانهێناوە، لە جیاتی ئەمە جۆرێک لە مرۆڤدۆستی، پێکەوەژیان و یەکتر قەبوولکردن بچێندرێت بەبێ گوێدانە جیاوازیی ڕەگەزی، نەتەوەیی، بیروباوەڕی ئاینی... تاد (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

### میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی چۆنایەتی بەستراوە، هەڵبەتە میتۆدی چۆنایەتی جۆرێکی میتۆدی توێژینەوەیە، کە بەدوای تێگەیشتنی قووڵدا دەگەڕێت لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەڵبەت ئەم میتۆدە پشت بە ئەزموون و ڕاوبۆچوونی ڕاستەوخۆی مرۆڤەکان دەبەستێت. ئەم میتۆدە کار لەگەڵ وشە دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا پرسیارەکانی ئەم جۆرە میتۆدە لە چۆن و بۆچی دەکۆڵێتەوە؟ (Creswell, 2005) تایبەتمەندیی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە داتای بەدەستهاتوو لە ڕێگەی ئەم میتۆدە زیاتر وەسفین، بە واتای پشت بە وەسفکردنی دیاردە و بابەتەکان دەبەستێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە (Lambert and Lambert, 2012).

هۆکاری هەڵبژاردنی میتۆدی چۆنایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەمانەوێت شیکردنەوە بۆ شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستایان و بەشداریی قوتابییان لە وانەکان لە ناوەندەکانی خوێندن لە کەرکوک بکەین، بۆ ئەوەی ئەزموونی مامۆستایان لەبارەی شێوازی گوتنەوەی وانەکانیان و ئەزموونی قوتابییان لە چۆنیەتیی بەشداریکردنیان لە وانەکان بزانین، ئەمەش یارمەتیماندەدات بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە تێبگەین کە پەروەردە لەسەر بنەمای دیالۆگ چۆن پەیڕەودەکرێت بە مەبەستی بەرهەمهێنانی یاخود بنیاتنانی قوتابییەک کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتیی هەبێت و هەڵبکات لەگەڵ ئەوانی تر.

### کۆکردنەوەی داتا

لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی گێڕانەوە (Narrative) بەکارهاتووە، کە جۆرێکە لە چاوپێکەوتنی نارێکخراو (Unstructured Interviews). لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا بەشداربووان ئەزموونی خۆیان لەبارەی دیاردەیەک بە شێوەی چیرۆک بۆ توێژەر دەخەنەڕوو. وێڕای ئەمەش توێژەر پێویستە ئازادی بدات بە نموونەی توێژینەوە، بۆ ئەوەی ڕا و ئەزموونی خۆی بڵێت لەمەڕ بابەتەکە. هەڵبەت جارجار نموونەی توێژینەوە لە لایەن توێژەر هانبدرێت ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژە وەک بەڵێ، ڕاستە... تاد (Anderson and Kirkpatrick, 2016). بۆیە لەم توێژینەوەیەدا لەدوای ڕوونکردنەوەی ئامانجی توێژینەوەکە، وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ بەشداریکردن لەم توێژینەوەیە بۆ بەشداربووان دواتر پەڕەی زانیارییەکان، فۆرمی قایلبوونی بەشداربووان و دواتریش ڕێبەری چاوپێکەوتنمان خستەبەردەستی نموونەی توێژینەوە. دواتر توێژەر بۆی ڕوونکردوونەتەوە کە بەشداریکردنت لەم توێژینەوەیە خۆبەخشانەیە، تەواوی زانیارییەکانت بۆ مەبەستی زانستی بەکاردێن و ناو و زانیارییەکانت پارێزراون. دواتر داوا لە مامۆستایانی بەشداربوو کراوە باسی ئەزموونی وانەگوتنەوەی خۆیان بکەن، هەروەها داوا لە قوتابییانی بەشداربووش کراوە کە باس لە

ئەزموونی بەشداربوونی خۆیان لە وانەکان بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی بزانین مامۆستایان چۆن و بە چ شێوەیەک وانە دەڵێنەوە. هەروەها قوتابییان چۆن لە ناوەندەکانی خوێندن لە شاری کەرکوک بەشداری لە وانەکاندا دەکەن؟ ماوەی چاوپێکەوتنی هەر بەشداربوویێک ١٠ تاکو ١٥ خوولەک بووە. ڕیکۆردی دەنگیی نموونەی توێژینەوە کراوە و ژمارەی بەشداربوون لەم توێژینەوەیە (٦ مامۆستا و ١٠ قوتابی) بووە، جۆری نموونەی لەم توێژینەوەیە نموونەی مەبەستدار بووە، چونکە توێژەر خۆی مامۆستا و قوتابییەکانی دەستنیشانکردووە، بۆ ئەوەی مامۆستایان چیرۆکی گێڕانەوەی شێوازی وانەگوتنەوەی خۆیان باس بکەن و قوتابییانیش باسی شێوازی بەشداریی خۆیان لە وانەکان بکەن. هەڵبەت جۆری نموونەی مەبەستدار جۆرێکی نموونەی ناهەڕەمەکییە، کە دەرفەت و چەنسی یەکسان نادات بە ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوە بۆ ئەوەی ببنە نموونەی توێژینەوە، بەڵکوو توێژەر بۆ خۆی نموونە دەستنیشاندەکات کە وای دەبینێت ئەو تایبەتمەندییەی تێدایە بۆ ئەوەی ببێتە نموونەی توێژینەوە (Tongco,2007). کۆمەڵگەی توێژینەوەش شاری کەرکوکە و نموونەی توێژینەوەش کۆمەڵێک مامۆستا و قوتابیی قوتابخانەکانی ئەو شارەن.

### شیکردنەوەی داتا

بۆ شیکردنەوەی داتا میتۆدی شیکردنەوەی بابەت (Thematic Analysis) بەکارهێنراوە. ئەم میتۆدە شێوازێکە بۆ شیکردنەوەی داتای چۆنایەتی بەکاردێت. لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە توێژەر دەتوانێت داتاکانی پۆلێن و شیکردنەوەیان بۆ بکات (Braun and Clarke, 2006). وێڕای ئەمەش ئەم میتۆدە یارمەتیدەرە بۆ وەسفکردن و دانانی کۆد بۆ داتاکان، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە توێژەر بتوانێت بابەتەکان یاخود تەوەرەکان (Thematic) بنیاتبنێت (Aronson, 1995). بۆیە دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان کە ماوەی یەک هەفتەی خایاند، هەروەها هەریەک لە بەشداربووان بۆ ماوەی ١٠ تاکو ١٥ خوولەک ئەزموونی خۆیان خستەڕوو. دواتر ڕیکۆردی دەنگەکان بۆ نووسین گۆڕدراون، پاشان کۆدی چاوپێکەوتنەکانمان کرد بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە کۆد بۆ زانیارییەکان دابنێین و پۆلێنیان بکەین، ئینجا لەسەر ئەو بنەمایە تەوەرەکان بنیاتبنێین.

### ئەنجام و گفتوگۆ

### پرۆسەی پەروەردە و ڕۆڵی لە پێکەوەژیان لەنێوان کلتوور و پێکهاتەی جیاوازدا

ئەوەی کە لێرە بووە بە جێگەی تێڕامان و پرسیار ئەوەیە کە شێوازی پەروەردە و فێرکردنی قوتابییان لە ناوەندەکانی خوێندندا (قوتابخانە) لە شاری کەرکوک چ ڕۆڵێک دەبینێت لە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی ئەو شوێنەی کە ئامادەیی تێیدا هەیە، چونکە دامەزراوەی فێرکردن و پەروەردە (قوتابخانە) وەک دامەزراوەیەکی مەعریفی لە ڕووی لۆژیکییەوە دەبێت ببێتە هۆی

کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی ئەم شارەدا، کە ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی گۆڕینی بیرکردنەوە، ڕەفتار و پێکهاتەی خودی ئەم شارەش. هەڵبەتە ئەوەی جێگەی سرنجە، کە شاری کەرکوک تایبەتمەندییەکی جیاوازی خۆی هەیە لە شارەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە شارێکی فرەکلتوور و نەتەوەیە.

هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێدان بوون بە مایەی سرنج، کە توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسیی پەروەردەیی لەبارەوە بکەم. بە ڕێگەی ئەو کارەشەوە بتوانین ڕۆڵی دامەزراوەی پەروەردەی (قوتابخانە) لەسەر ئەو پێکهاتە ئاڵۆز و پاشخانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە لەم شارەدا هەیە تێبگەین. بەمجۆرە لە ئاکامدا ئەو میتۆد و تیۆرییەی کە لە بارەی پەروەردە لەسەر بنەمای دیالۆگ وەک ڕەهەندێکی پێکەوەژیان لەسەری پەیڕەوبکەین.

پەروەردە لە ڕووی ڕەهەند و ماناوە پێناسەی جیاوازی هەیە، وێڕای ئەمەش دەتوانین بڵێین، کە پەروەردە پرۆسەیەکی تەواوی ژیانی تاکەکانە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤەکان بەکۆمەڵایەتیدەبن و گۆڕانکاری لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان دەکەن. دەشێت بگوترێت ئەم ناساندنە بۆ چەمکی پەروەردە تێگەیشتنێکی زۆر بەرفراوانە. هەرچەندە بە مانا تەسککە پەروەردە واتە ئەو ڕاهێنانەی کە لەناو چوار دیواردا بە تاک دەکرێت لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی لە ماوەی کاتێکی دیاریکراودا بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان (Kumar and Ahmad, 2008). بۆیە لەم توێژینەوەیەدا لە ڕوانگە بەرفراوانەکەوە سەیری شێوازی پەروەردە و فێرکردنی تاک دەکرێت، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کە تێبگەین چۆن پەروەردە دەتوانێت لە کۆمەڵگەدا پێکەوەژیان لەنێوان تاکەکاندا بهێنێتەکایەوە؟

هەڵبەت کاتێک دەمانەوێت باس لە پەروەردە بکەین، کە چۆن ڕۆڵی لە پێکەوەژیان لەنێوان کلتوور و پێکهاتەی جیاوازدا هەیە؟ پێویستە سەرەتا لەسەر بەمرۆڤبوون لە ڕێگەی پەروەردەوە بپەیڤین. پەروەردە وەک کردەیەکی بەمرۆڤبوون بە واتای زاڵبوون بەسەر ناسنامە و جیاوازییەکان لەنێوان مرۆڤەکان. ئەوەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پرۆسەی بەمرۆڤبوون لە ڕێگەی پەروەردەوە بریتییە لە دیالۆگ. وێڕای ئەمەش ئەم جۆرە پەروەردەیە کە دیالۆگ ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، ئەوا فەزایەکی ئەخلاقی دەسازێنێت. بۆیە ئەم جۆرە لە پەروەردە وەک پێویستییەکی مرۆڤەکان بەرەو ئاسۆیەکی نوێی ژیان، پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕکردن دەبات، کە تێیدا یاساکە بریتییە لە وەستان، یەکترقەبووڵکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، پێکەوە ڕێککەوتن و بنیاتنانی فەزای هاوبەش، کە ڕێز لە جیاوازییەکان و بەهاکانی یەکتر بگرن (Freire, 2005). بۆیە دەشێت بگوترێت پەروەردە لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی وەک قوتابخانە ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت، بە تایبەتیش کاتێک مامۆستا وانەدەڵێتەوە دەتوانێت لەنێوان خۆی و قوتابییەکانیدا ئەو جۆرە ژینگەیە لە دیالۆگ بهێنێتە کایەوە. وێڕای ئەمەش ئەم جۆرە لە ژینگەی

پەروەردە و فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندن، یارمەتیدەرە کە قوتابی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی هەست بە بوونی خۆی بکات و بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێت لەناو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانەدا (کۆمەڵگە). بە واتایەکی تر لەوێوە قوتابی فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەبێت، هەموو ئەو ڕەفتار و کردارانەی کە ئەنجامیدەدات بە قووڵی بیری لێدەکاتەوە، هەڵسەنگاند و تاوتوێیان دەکات ئینجا ئەنجامیاندەدات. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەو ژینگەیە لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابخانەکانی کەرکوک لاوازە یاخود دەتوانین تا ئەندازەیەکی زۆر بڵێین نییە. وەک ئەوەی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی کە باس لە شێوازی بەشداری خۆیان دەکەن لە وانەکاندا، بەدیدەکرێت (بڕوانە وەڵامی شێوازی بەشداربوونی قوتابییان لە وانەکان لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک).

| وەڵامی شێوازی بەشداربوونی قوتابییان لە وانەکان لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک | |
|---|---|
| ١ | **قوتابیی بەشداربووی یەکەم:** *" من لە پۆلدا ڕێز لە مامۆستا دەگرم، لە کاتی وانەگوتنەوە بێدەنگم و بە هێمنیی گوێڕایەڵی دەبم، تاکو خۆم و هاوڕێکانم سوود لە وانەکەی وەربگرین."* |
| ٢ | **قوتابیی بەشداربووی دووەم:** *" سەرەتا لە کاتی هاتنەژوورەوەی مامۆستا بۆ ناو پۆل ماوەیەک پێداچوونەوەی بابەتەکان دەکەمەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بابەتەکانم لە بیر بێت. هەوڵدەدەم کەوا قسە لەگەڵ دەوروبەرم نەکەم، بۆ ئەوەی بەئاگاییەوە ئاگاداری وانەکەم بم و خۆم بە هیچ شتێکەوە سەرقاڵ ناکەم. ئەو شتانەی کە لام زەحمەتن پرسیار لە مامۆستا دەکەم، بەڵام لە دوای ئەوەی کە مامۆستا وانەکەی شەرح کرد."* |
| ٣ | **قوتابیی بەشداربووی سێیەم:** *"من لە کاتی وانەگوتنەوە زیاتر حەزدەکەم مامۆستا خۆی شەرح بکات و من گوێگر بم. خۆم سەرقاڵ نەکەم بە نووسینەوە و بە بێدەنگی دەمێنمەوە. کاتێک مامۆستا ئەرکی ماڵەوەمان دەداتێ هەوڵدەدەم خۆم شیکاری بکەم. لە کاتی پێشبڕکێدا زیاتر حەزدەکەم بە تەنیا کاربکەم نەوەک بە گرووپ."* |
| ٤ | **قوتابیی بەشداربووی چوارەم:** *"کاتێک مامۆستا دێتە پۆل من بێدەنگ دەبم و هیچ قسەیەک ناکەم. کاتێک مامۆستا ئەرکی ماڵەوەمان دەداتێ منیش بە هەموو توانامەوە ئەرکەکە دەخوێنم و لەبەریدەکەم. بەکارهێنانی ئەو توانایەم بۆ خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ مامۆستاکەم، چونکە زۆر هانم دەدات بۆ خوێندن."* |

| | |
|---|---|
| ٥ | **قوتابیی بەشداربووی پێنجەم:** "لە کاتی وانەگوتنەوەی مامۆستا من گرنگی بە نووسینی تێبینییەکانم دەدەم لە تیانووسێکی بچووک وەک وەبیرهێنانەوەیەکی وانەکانی ڕۆژانەم. بە چالاکیی ڕۆژانە لە ناو پۆلدا بەشداردەبم و ڕێزگرتن وەک جوانترین بنەما دادەنێم لە پەیوەندیی نێوان قوتابی و مامۆستا." |
| ٦ | **قوتابیی بەشداربووی شەشەم:** "لە کاتی وانەگوتنەوە مامۆستاکەم وا دەکات کە تەرکیزمان تەنیا لەسەر وانەکەی بێت. هەروەها تاقیکردنەوەی ڕۆژانەمان پێدەکات، ئەمەش وادەکات قوتابی ڕۆژانە بخوێنێت و بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بۆی ئاسان بێت. بەشداریکردنم لە وانە و چالاکی هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی مامۆستاکەم یارمەتیدەرمە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بوێرانە بەشداربیکەم." |
| ٧ | **قوتابیی بەشداربووی حەوتەم:** " من لەکاتی وانەگوتنەوە گوێگرێکی باشی مامۆستاکانم و ئەرکەکانی ماڵەوەم بە باشی دەخوێنم. مامۆستاکان زۆر بە باشی وانەکانم بۆ شەرحدەکەن. من لە چالاکییەکانی ناوپۆل بەشداردەبم وەک پێشکەشکردنی سمینار و باسکردنی بابەتێک وەک مامۆستا خۆم دەنوێنم. کاتێک لە بابەتێک تێناگەم پرسیار لە مامۆستاکانم دەکەم و ئەوانیش بە ڕێگەیەکی تر بابەتەکەم تێدەگەیێنن. مامۆستاکانم هەمیشە زۆرترین پرسیارمان ئاڕاستەدەکەن ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لە کاتی تاقیکردنەوەکان ترس و قەڵەقیمان بۆ دروستنەبێت. لەکاتی پرسیارکردن لە مامۆستاکانم دەستبەرزدەکەمەوە، کاتێک مۆڵەتیدام ئینجا پرسیاری خۆم دەکەم." |
| ٨ | **قوتابیی بەشداربووی هەشتەم:** "کاتێک مامۆستاکان وانە شەرحدەکەن بێدەنگ دەبم. کاتێک ئەرکی ماڵەوەشمان پێدەدەن من هەمیشە ئامادەی دەکەم. کاتێک پرسیارم هەبوو دەستبەرزدەکەمەوە و لەناکاو هەڵناستم. وام پێباشترە کە مامۆستاکان بە شێوەی گرووپ قوتابییان دابنێن دوای ئەوەی کە بابەتەکەی شەرحکرد بۆ ڕۆژی دواتر قوتابییان بە شێوەی گرووپ بابەتەکە بخەنەوە ژێر باس و گفتوگۆ، بۆ ئەوەی قوتابییان بەژدارییبکەن و لە بابەتەکە تێبگەن." |
| ٩ | **قوتابیی بەشداربووی نۆیەم:** " مامۆستاکانمان وانەمان زۆر باش بۆ شەرحدەکەن و قوتابییانیش خۆشیان دەوێن." |
| ١٠ | **قوتابیی بەشداربووی دەیەم:** "کاتێک مامۆستا وانە شەرحدەکات بە بێدەنگی دەمێنمەوە. زیاتر حەزدەکەم بە تەنیا بخوێنم، کاتێک مامۆستا ئەرکی ماڵەوەمان پێدەدات ئامادەیدەکەم. لە ناو وانەکان بەبێ پرسی مامۆستا قسەناکەم و هیچ شتێک نانووسم. کاتێک پرسیارێک یان بابەتێک نازانم دەستمبەرزدەکەمەوە تا |

*مامۆستا بەشدارییمپێبکات. لەکاتی هاتنە ژوورەوەی مامۆستا وەک ڕێزێک هەڵدەستمەوە."*

هەڵبەت ئەوەی کە لە وەڵامی شێوازی بەشداربوونی قوتابییان لە وانەکان لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک بۆمان ڕوووندەبێتەوە، بریتییە لە شێوازی بەشداربوونی قوتابییان لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک کاتێک مامۆستایان وانەدەڵێنەوە. وێڕای ئەمەش قوتابی نەبووەتە بەشێک لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بەڵکوو قوتابی لە دەرەوەی ئەو پرۆسەیەوەیە. ئەم شێوە پەروەردەکردنە پاشخانێکی کلتووری و مێژوویی لە کوردستاندا هەیە، کە لە عێراقی کۆن بۆی ماوەتەوە. شێوازەکانی پەروەردە و فێرکردن لە پەروەردەی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا شێوازی نەریتی بووە لەسەر بنەمای تەلقین داندراوە (Jukil, 2009). ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لەم شێوازەی پەروەردە و فێرکردنەدا، هەموو ڕۆڵێک مامۆستا دەیگێڕێت. فریری ئەو شێوازە لە پەروەردە و فێرکردنە بە "پەروەردەی بانکی" ناودێر دەکات، کە مەبەستی فریری لەم جۆرە پەروەردەیە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی تاکێکی لە شێوەی مرۆڤە هەراشەکانە، لە بازنەیەکی داخراوی زانیندا. بە واتایەکی تر، مێشکی قوتابی وەک بانک و هەڵگری زانیارییەکان سەیردەکرێت، کە وەک خۆی بەبێ کەموزیاد دەیهێڵێتەوە و دەیانپارێزێت، بەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێک، ڕەخنەیەک و دیبەیتێک، وەک خۆی وەریاندەگرێت و هەڵیاندەگرێت. لەم شێوە پەروەردە و فێرکردنەدا مامۆستا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە زانین و زانیاریی خستنە نێو ئەقڵ و هۆشی قوتابی، ئەو بەرپرسیاریەتی یەکەمی بەدەستە لە گەیاندنی زانیاری و فێرکاریدا، ئەوەی ئەو لە پۆلدا دەیڵێت تەنیا ئەوە ڕاست و دروستە و پێویستە قوتابییان ئەزبەری بکەن و وەک خۆی لە تاقیکاری لەسەر پەڕەی تاقیکردنەوەدا بۆ مامۆستای بنووسنەوە (Freire, 2005). بۆیە ئەگەر سەیری وەڵامی شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستایان بکەین؛ سەبارەت بەوەی کە مامۆستاکان لە ناوەندەکانی خوێندنا (قوتابخانەکان) چۆن وانەکانیان دەڵێنەوە و هەموو ڕۆڵەکان دەگێڕێت، بۆمان ڕوووندەکاتەوە (بڕوانە وەڵامی شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستایان لە پۆلدا لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک).

| | |
|---|---|
| | **وەڵامی شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستایان لە پۆلدا لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک** |
| ١ | **مامۆستای بەشداربووی یەکەم:** *"لە کاتی وانەگوتنەوەدا ڕاستەوخۆ ناچمە ناو باسی بابەتەکە، بە شێوەیەکی گشتی باسی دەکەم. دواتر خودی بابەتەکە تێکەڵی بابەتە گشتییەکەی دەکەم. بۆ وێنە لە باسی ناو لە ڕووی دارشتنەوە، من ڕاستەوخۆ باسی یاساکان ناکەم، بەڵکوو بۆ قوتابییان ڕوووندەکەمەوە ناو چییە؟ چۆن دەناسرێتەوە؟ تایبەتمەندیی ناو چییە؟ دواتر دەچمە سەر ڕێگەی* |

| | |
|---|---|
| | دروستبوونی، کە خودی بابەتەکەیە. بەشداریکردنی قوتابی لە هەموو کاتەکاندا دەکرێت بۆ دانەبڕان لە بابەتەکە، بەڵام دوای تەواو ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتن، پرسیار لە قوتابییان دەکەم وەک هەڵسەنگاندنێک." |
| ٢ | **مامۆستای بەشداربووی دووەم:** " شێوازی وانەگوتنەوەی من بریتییە لە ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکایەتی لەنێوان قوتابییان و ئاستی تێگەیشتنیان. بنەمای سەرەکیی لای من لە کاتی وانەگوتنەوەدا بریتییە لە خۆخستنە دڵی قوتابییان بە شێوەیەک ببێتە هۆی ئەوەی خۆشەویستی و ئاسوودەبوونیان بۆ مامۆستاکە هەبێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی خۆشویستنی وانەکە. ڕەچاوی ئەوە دەکەم کە قوتابییان لە ڕووی کەمبینی، زمانگرتن و کەمبوێری بە چاوێکی کەم سەیرنەکەم." |
| ٣ | **مامۆستای بەشداربووی سێیەم:** " لە کاتی وانەگوتنەوەدا من لەسەر تەختەڕەش بە نووسین وانەکەیان بۆ شەرح دەکەم. گرنگی دەدەم بە بەشداری قوتابییان لە وانەکەمدا و هەڵەکانیان بۆ ڕاستدەکەمەوە کە لە وانەکەدا کردوویانە." |
| ٤ | **مامۆستای بەشداربووی چوارەم:** " سەرەتا کە دەچمە پۆلەوە سڵاو دەکەم، پاشان گفتوگۆیەکی کورت دەکەم لەگەڵ قوتابییان بۆ ئەوەی ئارەزوویان بچێتە سەر وانەکەم. دواتر بەپێی ئەو پلانەی ئامادەمکردووە وانەکەم شەرحدەکەم. دوای تەواوبوونی بابەتی وانەکەم، دووبارە لە سەرەتاوە بۆیان دووبارە دەکەمەوە بۆ تێگەیشتنی بابەتەکە بە شێوەیەکی باشتر. دواتر ئەگەر قوتابی پرسیاری هەبوو وەڵامی پرسیارەکەی دەدەمەوە و بۆی ڕووندەکەمەوە." |
| ٥ | **مامۆستای بەشداربووی پێنجەم:** " شێواز و ڕێگە زۆرن بۆ وانە شەرحکردن، بەڵام من سەرەتا بابەتەکە بە کورتی باس دەکەم، دواتر هەوڵدەدەم بچمە قووڵاییی باسەکە و وانەکەم. دوای تەواوبوونی وانەکەم، ئینجا پرسیار ئاراستەی قوتابییان دەکەم بۆ بەشداریکردنی قوتابییان لە وانەکەدا. هەروەها وادەکەم کە قوتابییانیش پرسیارم ئاراستە بکەن بە ئامانجی باشتر ڕوونبوونەوە و تێگەیشتنی قوتابی لە وانەکەم." |
| ٦ | **مامۆستای بەشداربووی شەشەم:** " لە سەرەتادا بەر لە دەستپێکی وانەی نوێ، هەڵدەستم بە پرسیارکردن لەسەر بابەتی وانەی ڕابوردوو. دواتر باسی بابەتی نوێ دەکەم، شیدەکەمەوە و تاوتوێی دەکەم بۆ قوتابییان بۆ ئەوەی قوتابییان بیرۆکەیان لا دروستببێت سەبارەت بە بابەتەکە. دواتر پرسیار ئاراستەی قوتابییان دەکەم بە ئامانجی ئەوەی تا چەندە لە بابەتەکە تێگەیشتوون؟ لە کۆتاییش |

*هەڵدەستم بە دیاریکردنی ئەرکی ماڵەوە بەپێدانی چەند بابەتێک لە چوارچێوەی پەرتووکی ڕاهێنانی وانەکەم."*

لە وەڵامی قوتابییان سەبارەت بە شێوازی بەشداربوونیان لە وانەکان و وەڵامی مامۆستایان سەبارەت بە شێوازی وانەگوتنەوەیان لە پۆلدا لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندن لە شاری کەرکوک، لەسەر بنەمای پەروەردەی بانکی بنیاتنراوە. لەم جۆرە پەروەردەیەدا دیالۆگ لاوازە، ئەوەی کە هەموو ڕۆڵەکان دەگێڕێت مامۆستایانن، واتە قوتابی هیچ ڕۆڵێک ناگێڕێت، بەڵکوو لە دەرەوەی پرۆسەکەیە. هەڵبەت دەتوانین بڵێین شێوازی پەروەردە و فێرکردنی ئێستا لە قوتابخانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان پەیڕەودەکرێت لەسەر بنەمای بانکی بنیاتنراوە، ئەمەش دەتوانین بڵێین کە جۆرێکە لە پەروەردەی دژە دیالۆگ. بە شێوەیەکی بەرفراوان لە چوارچێوەی دامەزراوەی پەروەردە ڕەنگیداوەتەوە، بە تایبەتی لە شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستا و پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی، کە ئەمەش پەیوەندیدارە بە کۆمەڵێک لایەن کە بەشێکیان پەیوەندییان بە کەش و شێوازی خوێندنەوە لە دامەزراوەکان پەروەردە (قوتابخانە) هەیە.( Faqe Ibrahim and Shams, 2020). وێڕای ئەمەش لەم شێوازە پەروەردەیەدا، شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستا جۆریکە لە گێڕانەوەی حیکایەت، کە پاولۆ فریری وای دەبینێت لەم پەیوەندییەدا مامۆستا، تاقانە خودە، خودێک کە چیرۆک دەگێڕێتەوە، قوتابیش گوێگر، گوێڕایەڵ و ملکەچە، بە واتەیەکی تر مامۆستا بکەر و هەڵسووڕێنەرە، قوتابیش کارتێکراوە و ئامانجە. لەم پەیوەندییە و پرۆسەی فێربوونەدا، پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی تووشی نەخۆشیی گێڕانەوە بووە و گێڕانەوەیەکی چیرۆکی. لێ لەگەڵ ئەمەشدا مامۆستا وا باسی بارودۆخ بۆ فێرخواز دەکات وەک ئەوەی کە دۆخێکی وەستاو، بێگیان و بێجووڵەیە، ئەگەر ڕوونتر بڵێین وەک ئەوەی باسی بابەتێکی زۆر نامۆ و سەیر دەکات کە کەوتووەتە دەرەوەی ژیانی قوتابییەکانەوە. لێرە ئەرکی مامۆستا دەبێت بە هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی مێشکی قوتابییان و بە ناواخنی ئەو چیرۆکەی کە بۆیان باس دەکات، یاخود دەگێڕێتەوە. کە ئەمەش جۆرێک لە نامۆبوون دروستدەبێت و قوتابییان لە واقیع نامۆ دەبن و واقیعیش نامۆ دەبێت لە قوتابی. بۆیە تاکو شێوازی پەروەردەکردنی قوتابی لەسەر ئەم شێوازە بێت، ئەوا قوتابی زیاتر خەریکی کۆکردنەوە، دانان، وەرگرتن و ئەزبەرکردن بێت لە مێشکیدا، ئەوا زیاتر توانای گەشەکردنی هۆشیاری و ئاگاییی ڕەخنەگرانەی کەمدەبێتەوە لە دەستتێوەردان و گۆڕینی جیهانەکەی (2005). بۆیە لەم شێوازەی پەروەردە و فێرکردنەدا، دامەزراوەی پەروەردە (قوتابخانە) تا ئەندازەیەکی زۆر ناتوانێت قوتابییەک بەرهەمبهێنێت کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتیی هەبێت و ئامادەبیکات بۆ گێڕانی ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا، چونکە لە بنەڕەتدا قوتابی لە مرۆڤبوون داماڵدراوە، بە جۆرێک کاتێک دەچێتە ناو کۆمەڵگە ناتوانێت لەگەڵ ئەوی تر هەڵبکات کە بیرکردنەوەی جیاوازە لەگەڵ

بیرکردنەوەکانی ئەو. لێرەوە دەشێت ئەوە بگوترێت کە بەشێک لە یەکترقەبوولنەکردن و پێکەوەنەژیان لەنێوان پێکهاتەکانی شاری کەرکوک بۆ ئەم شێوە پەروەردەیە دەگەڕێتەوە.

وێرای ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی پیداگۆگیی فریری (2005) دەتوانین بڵێین پەروەردە لە ڕێگەی دامەزراوەی پەروەردەیی هەوڵی ئەوە دەدات کە تاکەکان ڕابهێنێت و بەکۆمەڵایەتیان بکات، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تاکێک بەرهەمبهێنێت بتوانن لە تێکەڵبوون لەگەڵ کلتوورە جیاوازەکاندا، بتوانێت جۆرێک لە کراوەیی، قەبوولکردن، هەنگاونان بەرەو ئەوی تر و هەوڵدان بۆ هەڵکردن لەگەڵ یەکتر، کە لە ڕوانگەی ئەو، دیالۆگ دەتوانێت ئەو بەهایانە بهێنێتەکایەوە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی. دیالۆگ وا دەکات کە لە ڕێگەی ناسینی جیاوازییە تاکەکەسییەکانەوە ئەزموونی هەمەجۆر لەیەکتر فێرببین. قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەی فەرمی کە بریتییە لە کۆمەڵگەی مامۆستا و قوتابی، هەروەها قوتابخانە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەیە، کە بە دامەزاوەی کۆمەڵایەتی ناسراوە، چونکە لە ڕێگەی ئەم دامەزراوەیەوە تاک ئامادەدەکرێت بۆ ڕۆڵگێڕانی، هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بەگوێرەی ئەو توانایەی کە هەیەتی لە کۆمەڵگەدا (Taneja, 1995).

لێ لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی بتوانین تاکێک بەرهەمبهێنین کە توانی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتیی هەبێت، ئەوا پێویستمان بە شێوازێکی پەروەردەکردنە لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردندا (قوتابخانەکان) لەسەر بنەمای دیالۆگ. بۆیە پەروەردە و فێرکردن لەسەر بنەمای دیالۆگ یاخود دیالۆگ وەک ڕەهەندێکی پەروەردەیی، ئامانجی ئاسانکارییە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان کەسانی خاوەن ناسنامەی کلتووری جیاواز و فرە، کە ئەم جۆرە لە شێوازی پەروەردەکردن لە دامەزراوەی پەروەردە بە تایبەت (قوتابخانەکان) بەگوێرەی پیداگۆگیی ڕەخنەیی، پێویستە لە ناوەندەکانی یاخود دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و پیداگۆگیدا پەرەیانپێبدرێت، بە تایبەت لەنێوان مامۆستا و قوتابی بە ئامانجی بەرزکردنەوە، پێشخستنی گفتوگۆ، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان لەنێوانیان لەکاتی وانەکاندا، چونکە لەوێوە جۆرێک لە بەهای کۆمەڵایەتی و کلتووریی وەک ڕێزگرتن و یەکترقەبوولکردن وەک مرۆڤبوون دێتەکایەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هێنانەکایەی دیموکراسی، پێکەوەژیانی ئاشتییانە چ لە ناوەوەی قوتابخانە و چ لە دەرووەوەی قوتابخانەکان (کۆمەڵگە). بۆیەش ئەگەر بە وردی سەیری تێگەیشتنی فریری بکەین ئەوا زۆر بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدات، بەوەی کە ئەوانەی وەک ئەکتەری کۆمەڵایەتی و کلتووری بەشدارن لە پرۆسەی پەروەردە و ڕاهێناندا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. ئەم ڕۆڵە لە خەباتی ئەو پرۆسە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە خۆی لە چەوساندنەوە، وەدەرنان، پەراوێزخستن و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە و دەردەکەوێت کە لە کردەی پەروەردەییدا ڕەنگدەداتەوە.

لە ڕاستیدا ئەو وای دەبینێت کە پێویستە قوتابخانە ببێتە هۆی ئاراستەکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئاشتی، دیموکراسی و پێکەوەژیان، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە قوتابخانە ببێتە شوێنی بنیاتنانی کەسایەتیی ئازاد، هۆشیار و بیرکەرەوەی ڕەخنەیی، کراوە بێت بە فۆرمەکانی هاودەنگیی هاوبەش. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەرکی قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی فەرمی لە کۆمەڵگەدا لە پاڵ ئەرکەکانی تردا بریتییە لە ڕێنماییکردنی نەوە گەنجەکان لەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی چالاکانە دیموکراسی، ئاشتی و پێکەوەژیان لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ڕەنگبداتەوە و پراکتیزەیبکەن. وێڕای ئەمەش هەوڵی بەهێزکردن و گەڕان بەدوای مرۆڤبووندا، کە تێیدا هەموو هەڵوێستە ئێتنۆسەنتەری، ڕەگەزپەرستییەکان، بیرکردنەوەی گوماناوی، جیاوازییە کلتووریی و نەتەوەیی وەلاوە بنێن بە ئامانجی بەیەکەوەژیان ( Freire, 2005).

فرێری لە بەشی سێیەمی پەرتووکەکەی (پێداگۆگی ستەملێکراوان)دا باس لە خۆشەویستی دەکات، کە ئەو وای دەبینێت کە خۆشەویستی بناغەی دیالۆگ و پابەندبوونی هاوبەشە لەنێوان مرۆڤەکاندا بۆ دروستکردن یاخود سەرلەنوێ دروستکردنەوەی جیهان. بۆیە ئەو زۆر پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دیالۆگ بەبێ خۆشەویستیی قووڵ بۆ جیهان و بۆ مرۆڤەکان ناتوانێت هەبێت و ئەنجامبدرێت. پرۆسێسی دیالۆگکردن ناتواندرێت ئەنجامبدرێت بەبێ بوونی جۆرێک لە خۆنەویستی و باوەڕێکی گەورە، چونکە دیالۆگ ئەو ڕەسەنایەتییە مرۆییەیە، کە پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەرانبەرەکەی (ئەوی تر) نزیک ببێتەوە و جۆرێک لە بەدەنگەوەهاتن هەبێت لەنێوان مرۆڤەکان. لێ لەگەڵ ئەمەشدا دیالۆگ بوونی نابێت بەبێ هیوای گەڕان و دووبارە دروستکردنەوە و گۆڕینی مرۆڤایەتییەکە، کە بەهۆی نادادپەروەرییەوە ئێنکاری بنیاتنراوە. وێڕای ئەمەش دیالۆگ ناتوانێت هەبێت بەبێ بیرکردنەوەیەکی ڕەسەن و ڕەخنەگرانە کە ئێستا وەک پرۆسەیەک لە پەرەسەندنی بەردەوامی مرۆڤایەتی گرنگە، چونکە لە ڕێگەی ئەمەوە مرۆڤبوون و بەرپرسیاریەتیی مرۆڤ دێتەکایەوە و تێیدا هەر مرۆڤێک توخمێکی جەوهەریی بۆ بنیاتنانی خۆی پێکدەهێنێت (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە لە ڕێگەی دیالۆگ لەنێوان قوتابی و مامۆستادا ژینگەیەکی پەروەردەیی و فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندن (قوتابخانەکان) بهێنینە کایەوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە تاکێک بەرهەمبهێنین کە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەبێت، هەڵبەت ئەم بیرکردنەوەیەش بە پشتبەستن بە ڕۆڵی قوتابخانە لە بەدواداچوونی ئاسۆی یەکسانیی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بنەما کلتوورییەکانی دیموکراسی و پێکەوەژیان لە کۆمەڵگە و ناوەندەکانی خوێندن بەرەوپێشبچێت. بۆیەش ئەگەر قوتابخانەکان بیانەوێت سەرکەوتوو بن و ئەو ئامانجە دەستەبەربکەن، پێویستە ئەو ژینگە دیالۆگییە بهێنێتەکایەوە لە چوارچێوەی وانەکان بۆ ئەوەی قوتابی و مامۆستا بەیەکەوە کاربکەن، نەوەک یەکێکیان ناوەندی

پرۆسەکە بێت و ئەوەی تر بخرێتە دەرەوەی پرۆسەکە. ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە هێنانەکایەی بەهاکانی ئاشتی، هاودەنگی و پێکەوەژیان لە ناو کۆمەڵگە دەبێت، کە ئەمڕۆ لە مەترسییەکی گەورەدان بەهۆی بوونی ئەو جیاوازییانەی کە لە کۆمەڵگەکاندا لە ڕووی جیاوازیی کلتووریی، نەتەوەیی و ئاینییەوە هەیە. لێ لەگەڵ ئەمەشدا ئەو شێوە پەروەردەیەی لەسەر دیالۆگ دەسازێندرێت ئەوا ناسنامەیەک یاخود بوونێکی کۆمەڵایەتی بۆ تاک (مامۆستا و قوتابی) بنیاتدەنێت کە تێیدا توانای قەبوولکردنی هەمەچەشنی و جیاوازییەکان قەبووڵدەکات بەبێ گوێدانە ئەو جیاوازییە کلتووری، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییانەی کە هەن.

## سەرئەنجام

پەروەردەکردن لەسەر بنەمای دیالۆگ یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکان بۆ پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بە تایبەتی ئێستا لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، کە بەدەست کۆمەڵێک کێشەی گەورە گیرۆدەبووە کە پەیوەستن بە جیاوازیی کولتووری، نەتەوەیی، دینی و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێک بوو بۆ شیکردنەوەی گرنگیی شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک بۆ ئەوەی تێبگەین کە چۆن دیالۆگ وەک ئامرازێکی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکانی ئەو شارە پەیڕەودەکرێت، بە تایبەتیش کاتێک مامۆستا وانەدەڵێتەوە و قوتابی چۆن بەشداردەبێت لە وانەکاندا. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین دیالۆگ لە شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک لاوازە، بە جۆرێک شێوازی پەروەردە و فێرکردن پشت بە میتۆدی پەروەردەی بانکی دەبەستێت، کە ئەمەش بۆ خۆی کێشەی جۆراوجۆر چ لەناو قوتابخانەکان و کۆمەڵگەش سازدەکات، چونکە ئەم شێوە پەروەردەیە ناتوانێت تاکێک بنیاتبنرێت کە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەبێت.

لەپاڵ ئەمەشدا بەرپرسیاریەتیی ئەوەش هەڵبگرێت کە چۆن لەگەڵ تاکەکانی تر مامەڵە بکات کە جیاوازن لە گەڵیدا. هەڵبەت ئەم کلتوورە لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە ناخی تاک دەڕوێندرێت، کە قوتابخانەش یەکێکە لەو دامەزراوانە، هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەو کلتوورە لە ناخی تاک بروێنێت، چونکە ئەوە ڕوونە کە قوتابخانە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەوەیە کە قوتابی لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی یاخود بەکۆمەڵایەتیبکات، کە یەکێک لە سیماکانی بوونەوەری کۆمەڵایەتی بریتییە لە پێکەوەژیان بە شێوەیەکی ئاشتی و دیموکراسی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگە.

هەڵبەت بۆ ئەوەی قوتابخانەکان بتوانن تاکێک ئامادەبکەن بۆ کۆمەڵگە، کە توانای هەڵکردنی هەبێت لەگەڵ ئەوانی تر، ئەوا پێویستە شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە فێرکردنی بانکییەوە بگۆڕن بۆ فێرکردنی ئازادیبەخش، چونکە لەم جۆرە فێرکردنەدا دیالۆگ بنەمایەکی سەرەکیی

پەروەردەکردنە. کە کاکڵی دیالۆگ بریتییە لە وشە، وشەش دوو ڕەهەندی هەیە: ئەوانیش بریتین لە بیرکردن و کارکردن. لێ لەگەڵ ئەمەشدا شێوازی پەروەردە و فێرکردنی ئازادیبەخش کە دیالۆگ ناوەڕۆکی ئەو جۆرە پەروەردەیە، پەیوەندیی نێوان ئەکتەرەکان (مامۆستا و قوتابی) ئاسۆیییە و جۆرێک لە مرۆڤبوون، ڕێزگرتن، هاوکاربوون، خودبوون… تاد تێدایە. ئەمەش وا دەکات کە قوتابی و مامۆستا هەست بە بوونی خۆیان بکەن لە قوتابخانەدا، هەروەها لە ڕێگەیەوە هەمان کلتوور دەگوازنەوە بۆ کۆمەڵگە. بە واتایەکی تر ئەو کلتوورە پێویستە بگوازرێتەوە نێو کۆمەڵگەش، واتە کلتووری پەروەردەکردنی تاک لە قوتابخانەکان بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا جۆرێک لە ئاشتی و یەکترقەبووڵکردن بێتەکایەوە، نەوەک بەپێچەوانەوە کلتووری نەریتی و بانکی لە کۆمەڵگەوە بگوزرێتەوە بۆ قوتابخانەکان.

زیاتر لەمەش ئەو شێوە پەروەردەییە لەسەر بنەمای بانکی بنیاتنراوە کە مامۆستا هەموو ڕۆڵەکان دەگێڕێت لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و لە دەرەوەی دیالۆگە، جۆرێک هەڵاواردن و پەراوێزخستن دێتەکایەوە کە ئەمەش لەسەر کەسایەتیی قوتابی ڕەنگدەداتەوە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەمان کردەی کە لە قوتابخانە لە لایەن مامۆستاوە بەرانبەری کراوە لە دەرەوەی قوتابخانە (کۆمەڵگە) دووبارەیبکاتەوە. هەڵبەت ئەم جۆرە لە پەروەردەکردنی تاک مرۆڤبوونی تێدا نییە. بەڵکوو ئەوەی مرۆڤبوون دێنێتە کایەوە بریتییە لە دانان بە بوونی ئەوی تر. هاوکاتیش ئیدانەکردنی هەموو جۆرێک لە پەراوێزخستن و هەر جۆرە هەڵاواردنێکی کلتووری لەوانە؛ ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی، بیروباوەڕی ئاینی و نەتەوەیی. ئەم جۆرە پەروەردەیەش پەیوەستە بە پرۆسەی ڕاهێنانی پەروەردەیی لەسەر بنەمای دیالۆگ. بۆیە پێویستە هەموو مامۆستایەک لەهەر پۆل و ئاستێکی پەروەردەییدا بە شێوەیەکی مرۆیی و جددی بەشدار بێت لە ڕاهێنانی نەوە نوێیەکان، بە نیشاندانی گرنگیدانی وریا و خۆشەویستانە بۆ هەر کەسێک لە پرۆسەی خوێندندا. بۆیە مامۆستابوون بە واتای وەرگرتنی بەرپرسیاریەتییەکی پێداگۆگی کە بەو کەسانە دەسپێردرێت، کە پێیانوایە هێشتا بوار بۆ پابەندبوون بەم شێوە پەروەردەیە لەسەر دیالۆگ بنیاتنراوە یاخود پەروەردەی ڕزگاریبەخشە سەرباری بوونی هەموو جۆرەکانی هەژموونی سیاسی، جیاکاریی کلتووری، ئیستغلالکردنی ئابووری یان ملکەچبوونی سیاسی کە هەیە.

**پێشنیازەکانی توێژینەوە**

پێشنیازەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە چەند لایەنێک دەبینێتەوە وەک:

یەکەم: بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە دامەزراوە پەروەردەییەکان (قوتابخانەکان) لەبارەی پەروەردە لەسەر بنەمای دیالۆگ بۆ پەروەردەکردنی تاک.

دووەم: کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بە مەبەستی ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ ئەوەی شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە بانکییەوە بگۆڕن بۆ پەروەردە و فێرکردنی ئازادییەخش.

سێیەم: ئەنجامدانی توێژینەوەی جۆراوجۆر لەبارەی شێوازی پەروەردە و فێرکردن لەلایەن توێژەرانی تر بە میتۆدی جیاواز.

## لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- شوانی، نێچیروان (٢٠١٧) *پاڵنەرەکانی پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەدا*. {ئۆنلاین}. دواجاری بینین لە ٣١ دیسمبەری ٢٠٢٢ لە: http://skurd.net/2017/10/18/پاڵنەرەکانی-پێکەوەژیان-لە-کۆمەڵگەدا/

- عەبدوڵلا، زیرەک(٢٠٠٥) *کۆمەڵگا و شێواوی، کۆمەڵێک وتار*. چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری روناکبیری هەتاو، ژمارە ١١.

- عەلائەددین، دلاوەر (٢٠١٣) *نیشتمانسازیی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان*. چاپی یەکەم، چاپخانی ئاراس، هەولێر.

- گۆڤاری تیشک (٢٠٢٢) *تایبەتمەندییەکانی سیستەمی پەروەردەی کوردستان*. {ئۆنلاین}. دواجاری بینین ٦ ڕێبەندانی ٢٠٢٣ لە: https://rb.gy/vpmcbm


## لیستی سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


- Anderson, C. and Kirkpatrick, S. (2016) Narrative interviewing. *Int J Clin Pharm* 38, (3)631–634.

- Aronson J. (1995) A Pragmatic View of Thematic Analysis. *Qual Report,* 2(1):1–3.

- Bar-Tal, D. (2004) Nature, Rationale, and Effectiveness of Education for Coexistence .*Journal of social Issues*, *60*(2), 253–271.

- Braun V. and Clarke V. (2006) Using Thematic Analysis in Psychology. *Qual Res Psychol.* 3(2):77–101.
- Chandio, M.T., Pandhiani, S.M. and Iqbal, R., (2016) Bloom's taxonomy: Improving assessment and teaching-learning process. *Journal of Education and Educational Development*, 3(2), 203-221.
- Creswell, J. W. (2005) *Educational Research: Planning, Conducting, and Evaluating Quantitative and Qualitative Research*. (2nd Ed.). Upper Saddle River, NJ: Pearson Education Inc.
- Faqe Ibrahim, S., and Shams, S., (2020) The Outcomes of the Reforming Higher Education System in the Kurdistan Region. *Technium Soc. Sci. J.*, 14, 52-65.
- Freire, P. (2005) *Pedagogy of the Oppressed*. New York: The Continuum International Publishing Group Inc.
- Galleti, M. (2005) 'Kirkuk: The Pivot of Balance in Iraq, Past and Present'. *Journal of Assyrian Academic Studies*, 19(2), 21-42.
- Heller, D. (2016) *Dia-Logos*. In: Chapman, M.D., Haar, M. (eds) *Pathways for Ecclesial Dialogue in the Twenty-First Century. Pathways for Ecumenical and Interreligious Dialogue*. Palgrave Macmillan, New York. https://doi.org/10.1007/978-1-137-57112-0_2
- Hertz-Lazarowitz, R., Zelniker, T., Stephan, C. W., and Stephan, W. G. (2004) Arab-Jewish coexistence programs. *Journal of Social Issues*, Whole issue No 2.
- Hossain, F. A., and Ali, M. K., (2014) Relation between individual and society. *Open Journal of Social Sciences, 2*(08), 130-138.

- Ibatova, A.Z. and Smirnova, E.V., (2019 ) The Effect of Dialogue in the Process of Learning Business English. *Humanities and Social Sciences Reviews*, 7(3),590-594.
- Islam, M. T. (2018) Peaceful Coexistence of Various Religious Groups in Islam. *Journal of Islamic Thought and Civilization*, *8*(2), 183-203.
- Jukil, A.M., (2009) *The policy of educational system in Iraq-Kurdistan*. Erbil: Salahaddin University.
- Kriesberg, L. (1998) *Coexistence and the reconciliation of Communal Conflicts. The Handbook of Interethnic Coexistence* .ed. Eugene Weiner (New York: Continuum International Publishing Group.
- Kumar, S., and Ahmad, S., (2008) *Meaning, Aims and Process of Education. School of Open Learning*. {Online}. Last accessed 1 February 2023 at: https://sol.du.ac.in/SOLsite/Courses/UG/StudyMaterial/16/Part1/ED/English/SM-1.pdf
- Lambert, V. A. and Lambert, C. E. (2012) Qualitative descriptive research: An acceptable design. *Pacific Rim International Journal of Nursing Research*, 16(4), 255-256.
- Lenard, Patti Tamara (2020) *Culture*. In the Stanford Encyclopedia of Philosophy. (Winter 2020 Edition) Edited by Edward N. Zalta.{Online}. Last accessed 14 January 2023 at: https://plato.stanford.edu/archives/win2020/entries/culture/
- Malović, N., and Vujica, K. (2021) Multicultural Society as a Challenge for Coexistence in Europe. *Religions*, 12(8), 615.
- Merriam-Webster (2022) *Coexistence* .{Online}. Last accessed 31 December 2022 at: https://www.merriam-webster.com/dictionary/coexistence

– O'Driscoll, D. (2021) Everyday Peace and Conflict:(un) Privileged Interactions in Kirkuk, Iraq. *Third World Quarterly*, *42*(10), 2227-2246.

– O'Driscoll, D. (2019) *Building Everyday Peace in Kirkuk, Iraq: The Potential of Locally Focused Interventions*. Stockholm International Peace Research Institute.{Online}. Last accessed 16 January 2023 at: https://www.sipri.org/sites/default/files/2019-09/sipripp52_everyday_peace_in_kirkuk.pdf

– Rupesinghe, K. (1999) *Coexistence and Transformation in Asia: Some Reflections. Culture and Identity: Ethnic Coexistence in the Asian Context* .Ed. Kumar Rupsinghe (Washington, D.C.: The Sasakawa Peace Foundation.

– ***Saeed, Nahwi (2017)*** **The Problem of Kirkuk: Its Complexity and Importance**. ***{Online}.Last accessed 17 January 2023 at:*** ***https://www.kurdistanc.com/en/details.aspx?jimare=1010***

– Taneja, V. R. (1995) *Educational Thought and Practice*. Sterling Publishers Pvt. Ltd, New Delhi.

– Tongco MDC. (2007) Purposive sampling as a tool for informant selection. *Ethnobotany Research and Applications* 5, 147-158.

– Uyen Tran, L. (2008) Dialogue in Education. *Journal of Science Communication*, *7*(1), 1-2.

– Weiner, E. (1998) *Coexistence work: A new profession. The handbook of interethnic coexistence,*13-24. , ed. Eugene Weiner (New York: Continuum International Publishing Group).

# العملية التربوية على أساس الحوار كعامل للتعايش: كركوك نموذجاً

د. سعيد قادر فقي إبراهيم

saied.faqeibrahim@soran.edu.iq

**ملخص**

يهدف هذه الدراسة إلى تحليل دور التربية القائمة على الحوار في بناء وإنتاج فردٍ يمتلك القدرة على التعايش المشترك مع الآخرين داخل المجتمع، على الرغم من اختلافاتهم الثقافية والدينية والقومية، وذلك من خلال أساليب التربية والتعليم المعتمدة في المؤسسات التعليمية (المدارس) في مدينة كركوك. ولتحقيق هذا الهدف، استندت الدراسة إلى نظرية باولو فريري المتعلقة بالحوار بوصفه بُعدًا تربويًا أساسًا. ولتحقيق هذا الهدف، تم الاستفادة من نظرية باولو فريري حول الحوار كعامل للتربية.

اعتمدت تلك الدراسة على المنهج النوعي، وتم استخدام المقابلات السردية لجمع البيانات. كان مجتمع الدراسة مدينة كركوك، وبلغ حجم عينة الدراسة (6 معلمين و10 طلاب). تم استخدام التحليل الموضوعي لتحليل البيانات. أظهرت النتائج أن التربية القائمة على الحوار في المدارس ضعيفة، لأن منهج التربية والتعليم يعتمد على التربية البنكية. وهذا يؤثر بشكل مباشر على إنتاج فرد قادر على تحمل المسؤولية داخل المدرسة والمجتمع، للتعامل مع الآخرين.

**الكلمات المفتاحية:** الحوار، التربية، التعايش، التربية البنكية، التربية التحررية

.